# هەڵبژاردنی تاڵەبانی لەنێوان زەماوەندو ترسدا !

**کەمال ڕەئوف**

دوای هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ سەرۆ کۆماری عێراق هەرکەس لەشوێنی خۆیەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان پەتی خۆشخەیاڵی و گەیشتن بەئاواتی بۆ ئەو ڕووداوانە بەرەڵا کردووە کە ئەمڕۆ وەك شانۆگەریەك لەدەرەوەی ویستی خۆمان نمایش دەکرێ و ئێمەش تەنها سەیرکەرین, هەموو ئەوانەی دۆست ولایەنگری یەکێتین بەوانەشەوە کەتاڵەبانی و یەکێتیشیان خۆشناوێت لەگەڵ ئەو هەموو خۆشخەیاڵی و خۆشییەدا ناتوانن ئەوە بشارنەوە کە ئاخۆ کۆتایی ئەو شانۆگەرییەی ئەمڕۆ دەیبینین تراژیدایەیەك دەبێت و مێژوویەکی تر وەك ئەوانەی ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە یان ئەمە سەرەتایەکە و لەوێووە پەنجەرەی تر بەڕووی ئەم خەڵکەبێکەس و بێ پشت و پەنایەدا دەکرێتەوە.

ئاخر مرۆڤی ژیر ناتوانێت گومان نەکات لەوەی کە بەبەرچاومانەوە دەگوزەرێ و ناتوانێت وابەخێرایی هەموو ڕابردوو لەبیر خۆی بەرێتەوەو دەست بنێتە ژوور سەری وبەکەماڵی ئارامییەوە پاڵی لێبداتەوە , چوونکە خەڵکی ئێمە جگەلەوەی کەخاوەن مێژوویەکی تاڵن لەڕابردووی سیاسی خۆیاندا لەهەمانکاتیشدا ئێستاش گیرۆدەی ئەو خۆشباوەڕییەن کە ئەوانی دی بەفریاد ڕەس دەزانین , ئێمە تاکو نەتوانین خۆمان لەگیرۆدەی خۆشخەیاڵی ودەسەوسانی قوتاربکەین ناشتوانین لەهەموو فێڵ و سیاسەتەکانی ئەوانی تر تێبگەین, هەربۆیە ناشتوانین لەوە تێبگەین ئەنجامی ئەوەی کە تائێستا ڕوویداوەو دواتریش ڕوودەدات لەبەرژەوەندیماندایە یان بەزەرەرمان تەواو ئەبێت , بەکورتی ئێمە سەرنشینی ئەو پاپۆڕەین کەتاکو ئێستا خۆمان کابتنەکەی نین و نازانین شەپۆلەکان و ئەوان بۆ کوێوەمان دەبەن , هەربۆیە دروست وایە و دەبێت ئێمە گومان بکەین لەڕوودانی هەر شتێك ,گومان لەهەمووشت گومان لەم جۆرە بوونەی خۆشمان , گومان بکەین لەقسە سەرزارەکیەکان , لەپێش هەرکەسێکەوە دەبێت گومان لەڕاستی هەڵوێستی سەرکردەکانی خۆمان بکەین , گومان لەودۆستانەمان بکەین کەلەڕابردوواخەرمانەیەك درۆو هەڵخەڵەتاندنیان پێشکەش کردین , بۆیە دەبێت ئێمەش بەجیا لەوان خۆێندنەوەو تێگەیشتنی خۆمان هەبێت و کار لەسەر ئەوەبکەین چۆن ساتە هەستیارو گرنگەکان بقۆزینەوەو بە بڕوابوون بەخۆ و پشت بەستن بەخۆ ماڵی خۆمان تۆکمەتر لەجاران بینابکەینەوە.

ڕەنگە ووروژاندنی پرسیارێکی لەو جۆرە لەئێستادا کاتی خۆیی بێت گەر بپرسین تاڵەبانی بۆ هەڵبژێردرا ؟ ئایائەو هەڵبژاردنەی تاڵەبانی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بوو؟ یان لەزەرورەتی سیاسەتی ئەم دەورانەی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبوو؟ ئاخۆ ئەمریکا لەخۆشەویستی و دۆستایەتی کوردبوو کەوا بەخێرایی ئەوەی قبوڵکردو موبارەکەی لێکردین ,یان لەناچاری و تەسلیم بوون بووبە ئەمری واقیع ؟.

هەڵبژاردنی کەسایەتیەکی کورد بۆ سەرك کۆماری عێراق هێندەی دەگەرێتەوە بۆسیاسەتی ئەم دەورانەی ئەمریکا لەعێراق و ناوچەکەدا هێندە پەیوەست نابێتەوە بەسەنگ و سوکی هێزە ناوخۆیی و کارکردەکانی هەڵبژاردن و سیاسەتی کوردییەوە , هەربۆیە دەتوانین بڵێن ئەوەی کە تاڵەبانی کردە سەرك کۆمار هێندەی پەیوەندی بەهەڵەی سیاسەتی ناسیونالیستی عەرەبی و ئیسلامگەرێتی ئەوانەوەهەیە , هێندە پەیوەندی بە سەرکەوتووی ولێهاتووی سیاسەتی کوردییەوە نییە, ئەوەی کەوادەکات سیاسەتی نێو دەوڵەتی بەسەرەك کردنی سەرۆك کۆماری عێراق بەکورد بسپێردرێت و سەرەك وەزیرانیش بەعەرەبی شیعە نە ڕێکەوتێکی سیاسییەو وە نە بەهۆی ئەو ئەنجامەوەیە کەلەهەڵبژاردنی ئەم دواییانەدا کورد و شیعە لەسەرئاستی عێراق بەدەستیان هێناوە , بەڵکو لەپێش هەرشتێکدا ئەوە موبارەکەی ئەمریکاو داگریسانی گڵۆپی سەوزی ئەوانی لەپشتەوە بووە ,چوونکە ئاشکرایە گەر ئەوان ئەو ئاکامەیان قبوڵ نەبوایە وەك ئەوەی کەتائێستا لەگەلەك شوێن و گەلێك جارو هەڵبژاردن

کراوە و ئاکامەکەشی قبوڵ نەکراوە ,ئەوا سیاسەتێکی لەو جۆرە دەگیرایە بەرو ئەو ئاکامە ڕەتدەکرایەوە بەتایبەتی لەئێستای عێراقدا کەگەلەك هۆکار هەبوون گەر ئەمریکاییەکان ئەنجامەکەیان قبوڵ نەبوایە دەیانتوانی کێشەو گرفتی لەسەر دروست بکەن و لەباتی ئەوە بە ئیتفاق گەلێك لەنێوان هێزە ناو خۆیی و دەرەکیەکاندا حکومەتیان دروست بکردایەتەوە و دەسەلاتێکی لەو جۆرەشیان بەکورد نەدایە وەك ئەوەی کە لە ئەفغانستان بەرانبەر بەهەندێك هێزوو کەمایەتی کرا, بەلاّم پێدەچێت ئەمرۆ ئەمریکا نەك هەرپێویستی بەتاڵەبانی و کورد و شیعەی میانە ڕەو بۆ ناو عێراق هەبێت , بگرە پێویستی زۆر لەوە دوورتری هەبێت وپێویستیەکانی سنوری عێراقیش ببەزێنێت .

هەڵبژاردنی تاڵەبانی بۆسەرك کۆمار وەك کەسایەتیەکی کوردی وبەخشینی دەسەلاّتگەلێك بەکورد لەحکومەتی مەرکەزی عێراقدا هاوکاتە لەگەڵ ئەو لالێکردنەوەیەی ئەوروپاو ئەمریکا لەکەمایەتیەکانی ناولوبنان و سودان لالێکردنەوەی ئەو کەمایەتیانەی کەلە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سالأنێکی دوورو درێژە بەدەست دەسەلاّتە شمولییەکانەوە تاسەر ئێسك بەرەوڕووی چەوساندنەوە بونەتەوە , ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمریکاو براوەکانی جەنگی سارد پێش هەر وولاّتێك دوژمنە گەورەکەیان - (یەکێتی سوڤیەت) باجی خۆیدا و بەموبارەکەو پشتیوانی ئەوان چەندین پارچەی لێجیاکرایەوە , ئەمەش کەئێستا لە وولاّتانی عەرەبی ڕوودەدات پێش ئەوەی هەر پێشبینیەکی بۆبکرێت , بەئاشکرا دیارە کە لەهەنگاوی یەکەمدا بۆ شکاندنی لووتی بەرزی ناسیونالیزمی عەرەبی و عەرەبی سونییە وبۆ بچووك کردنەوەی تواناو دەسەلاّتیانە بەسەر کەمایەتیەکانی تردا , هەربۆیە هەڵبژاردنی تاڵەبانی بۆسەرك کۆمار و زۆر بۆ هێنان و کردنە دەرەوەی هێزەکانی سوریا لەلوبنان و ئاوڕدانەوە لەخەڵکی دارفوای سودان ئەگەر چی وەك کارگەلێکی باش ودیموکراتی وداکۆکیکردن لە کەمایەتی دێنە بەرچاو , ئەوا بە ڕووەکەی تریشدا بە لێدانێکی ڕاستەو خۆی ناسیونالیزمی عەرەبی حیساب دەکرێت و هەوڵگەلێك دەبێت بۆ زیاتر تەسلیمکاری دەسەلاّتە عەرەبیەکان و ملدانیان بە ئەمری واقیعی دوای جەنگی سارد ,

بەشێوەیەکی تر ئەمریکاو ئەوروپیەکان تۆپیان خستۆتەوە قاچی عەرەبی سونییەوە کەبەدرێژایی دروستبوونی حکومەتە عەرەبیەکان دەسەلاّتیان لە چنگدا بووە , ئەگەر ئەوان خواستەکانیانی ئەوانیان بەدی هێنا ڕەنگە شانۆگەریەکە بۆ ئێمەی کورد بەو جۆرە کۆتایی پێبێت کە پرتراژیدی بێت وەك ئەوەی کە لەدوای جەنگی سارد ئەمریکاو ئەوروپا بەدۆستە ئیسلامیەکانی خۆیان کرد, لێرەوەیە کە گومان دەکرێت کەهەڵبژاردنی تاڵەبانی بۆسەرك کۆمار یاریگەلێك بێت کەلەداهاتوودا لەلایەك خۆمانی پێی تەنگەتاو بکرێینەوەو لەچوارچێوەی عێراقی عەرەبیدا مافی ئەوەمان لەدەستدا نەمێنێت تا داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی بکەین , بەلاکەی تریش ئەو فرسەی لەدەستمان دەرهێنابێتین کە ئێستا و پێش درووستکردنەوەی حکومەتی تازە لەهەموو کاتێك زیاتر ئەگەری ئەوەهەبوو کە کورد بە پێی داگرتن لەسەر سەربەخۆیی بەو مافە شاد بوایە , بۆیە زیادە ڕۆیی نیە گەر بڵێن ئەگەر بەدیوێکا هەڵبژاردنی تاڵەبانی بزمارێك بووبێت بەتابووتی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا داکوترابێت , ئەوا بەڕووەکەی تریشیدا لەخراپشکاندنەوەیدا داکوتینی بزمارێکیش دەبێت کەبەڕۆحی ناسیۆنابیزمی کوردیدا چەقێنرابێت.